دوای ئەنجامی هەڵبژاردنەکان تایوان داوایەک لە پەکین دەکات

ئەمڕۆ یەکشەممە، تایوان داوای لە چین کرد ڕۆژ لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی سەرکایەتی بگرێت،کە تیایدا لە چەند ڕۆژێ ڕابردوودا"لای تشینگ تی" سەرکەوتنی بەدەستهێنا،و وەک بەڕێنیدابوو کە دوورگەکەی مافی ئەتەنەمی هەیە لە هەڕەشە و تێقاندنەکانی پەکین بپارێزێت.

لە بەیاننامەیەکدا وەزارەتی دەرەوەی تایوان داوای لە دەسەڵاتدارانی پەکین کرد ،ڕۆژ لە ئەنجامی هەڵبژاردن بگرن و واقیعەکە قبوڵ بکەن و دەستبەرداری هەڕەشەبن لە تایوان، بە ئەوەی پەیوەندییە ئەرێنییەکانی نێوانیان بگەڕێنەوە سەر ڕێچکەی دروستی خۆی.